# وەڵامێک بۆ ئەحمەد سەلیم. . . هەردەوان نەقشبەندی

فەرمانبەر لەکۆلێجی ئاداب

"ڕێبوار سیوەیلی بۆچی کتێبخانەکەی خۆی سووتاند؟!" ئەمە ناونیشانی ئەو بابەتەیە کە کاك ئەحمەد سەلیم باسی لێوەکردووە، هەرچەند من کە بابەتەکەیم خوێندەوە هەرچەنێك گەڕام لەناو نووسینەکانیدا بەڵگەیەکی وام نەدۆزیەوە کە پاساوێك بێت بۆ قسە بی سەروبەرەکانی ئیتر من نازانم بە چ ڕویەکەوە توانی باس لەو مەسەلەیە بکات، بەڵام منیش بەپێویستم زانی چەند خاڵێك بخەمەڕوو بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بۆ هەموو خوێنەرانی خاوەن ویژدان ئاشکرا بێت.

1. من لەبەر ئەوەی کە فەرمانبەرم لە کۆلێژی ئاداب و ماوەی سی ساڵە لەوی کاردەکەم بەحوکمی کارەکەم توانیم ڕێبوار سیوەیلی زۆر لەنزیکەوە بناسم و شارەزایی ببم چونکە وەك دەزانن ڕێبوار سیوەیلی مامۆستای زانکۆیە و یاریدەدەری ڕاگرە بۆ کاروباری زانستی لە کۆلێجی ئاداب، لە ماوەی ئەو سی ساڵەی کە من ڕێبوار سیوەیلی دەناسم هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان من هەڵوێستێکی وام لێنەدیوە کەبیەوێت خۆی هەڵواسێت بەحزبێکدا یان خۆی بکاتە پاشکۆی حزبێك بگرە زۆر دژایەتی ئەو کەسانەشی کردووە کە ئەو کردارە بۆتە پیشەیان، ئیتر نازانم کاك ئەحمەد بە چ پێوەرێك ئەو تۆمەتە دەداتە پاڵ ڕێبوار سێوەیلی.

2. کاك ئەحمەد لەنووسینەکەیدا وا باس دەکات کە گوایە ڕێبوار سیوەیلی غەدرێکی گەورەی لە شاری هەولێر کردووە و ئێستاش دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی پێشوازی گەرمی لێبکرێت، بۆیە منیش دەڵێم ئەگەر ڕۆشنبیرکردن و پێگەیاندنی ئەو هەموو لاوەی شاری هەولێر لەبەردەستی ڕێبوار سیوەیلی بەغەدر بزانی، کە هەموو قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین شایەت حاڵەن لەسەر ڕۆڵی ئەو کەسە بەڕێزە لەبەرەوپێشچوون و بەمەدەنی کردنی زانکۆو قوتابیان، ئیتر من نازانم کاك ئەحمەدی بەڕێز خۆی چی کردووە بۆ هەولێر و هەولێرییەکان وا هەولێرچێتی بەسەر ڕێبوار سیوەیلی ئەفرۆشێت؟!.

3. من بەکاك ئەحمەد و هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاند دەڵێم باشە هەتا ئێستا لێکۆڵینەوە تەواو نەبووە و بەردەوامە لەهۆی کەوتنەوەی ئەو ئاگرە ئیتر نازانم کاك ئەحمەد بە چ پاساوێك و لەکوی ئەم بوختانە شاخدارەی هێنا؟! خۆ ئەگەر کەسێك بیەوێت کارێکی لەو جۆرە بکات کە هەر گیز ڕێی تێناچێت، دەچێت بەرهەمەکانی چەند ساڵەی خۆی ئەسووتێنی؟!. لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کە نووسەر بەرهەمەکانی خۆی وەك منداڵێکی سەیر دەکات، کەس هەیە بتوانی ئاگر لەمنداڵی خۆی بەربدا؟!

4. من نازانم کاك ئەحمەد کەی ئەم ئیفادەیەی لە ڕێبوار سیوەیلی وەرگرتووە؟! بەوەی کەدەڵێت ڕێبوار سیوەیلی خەڵکی هەولێر بە ئەنجامدەری ئەم کارە دەزانی، ڕاستە لەوانەیە ڕێبوار سیوەیلی کەسێك یان چەند کەسێك تاوانبار بکات بەڵام خۆ ئەو مەرجی ئەوەی دانەناوە کە خەڵکی هەولێر بن، بەڵکو تەنها ئەو کەسانە بەتاوانبار دەزانی کە لەبەرامبەر قەڵەمەکەی ڕێبوار هیچیان پێناکرێت لەقسەی ناشرین و ناوناتۆرە زیاتر سەرە واوێك لەورگیانا نیە.

5. کاك ئەحمەد لەکۆتاییدا دەڵێت ئەوە بزانن ئیجرائاتی بەدواداچوونی پۆلیس چییە؟ باشە من لەخۆی دەپرسم تا ئێستا ئەو مەسەلەیە لە تەحقیقایە ئیتر کاك ئەحمەد چۆن لەجیاتی بەڕێوەبەری پۆلیس ئیمزای ئەم فەرمانەی کرد؟!.

بۆیە لەكۆتایدا بە كاك ئەحمەد و ئەمسالی دەڵێم: ڕێبوار سیوەیلی هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان لەهیچ كەس و حیزب و لایەنێك نەترساوە و ناشترسی، وە هیچ كاتێك پێویستی بەپێشوازی گەرم نەبووە و پێویستیشی نابێت. چونكە ئەو كەسێك نیە پێویستی بەمەنسەب و دەسەڵات وپیا هەڵدان و مۆنیكاو ڤێلاو ڕیزە دووكان بێت هەتاوەكو سەر بۆ هیچ كەسێك و لایەنێك دانەوێنی، هەر ئەوەشە وایكردووە كەهەموو ڕۆشنبیران و لاوانی هەولێر و سلێمانی دهۆك ڕێبوار سیوەیلی وەك خۆی بناسێت دوور لەهەموو ماسكێك، وە من بەدڵنیاییشەوە پێت دەڵێم ئەگەر بێتو ڕۆژێك لەڕۆژان ڕێبوار سیوەیلی بڕیاری وا بدات كە بچێتەوە ئامێزی شاری سلێمانی ئەوە لەپێش هەموو كەسێك قەڵاو منارە فرمێسكی سۆزو وەفاداری بۆ دەڕژن چونكە ئەو زاتە لەماوەی خزمەتكردنی لە شاری قەڵاو منارە چەندین لاوی بەهرەمەند و ڕۆشنبیر و تێگەیشتووی بەرهەم هێناوە بۆ ئەم شارە.

hardawan@gmail. com